https://www.doi.org/10.31918/twejer.1812.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان-Directives speech Acts لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا

پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی ئاداب
qais.kakl@soran.edu.iq

م. پەروین عوسمان مستەفا
زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی ئاداب
parwenhalaf@live.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا، گفتوگۆکانی پەرلەمانیش لە بواری زمانەوانیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت. سنوری توێژینەوە بریتییە لە بەکارهێنانی پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی چەند پرۆژە یاسایەکی گفتوگۆلێکراو لەپەرلەمانی کوردستاندا لەهەر سێ خولی پەرلەمانیی دووەم(٢٠٠٥- ٢٠٠٨)، سێیەم(٢٠٠٩- ٢٠١٢)، خولی چوارەم (٢٠١٣ـــ ٢٠١٧) وەرگیراون. ئەم توێژینەوەیەش وەک بابەتێکی ئەکادیمی شیکردنەوەی بۆ هەندێک لە کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان کردووە و بەپێی بابەت و جۆری گوتنەکان پشتی بە بنەما ئامارییەکان بەستووە، لەئەنجامدا دەرکەوتووە کردەقسەییە ئاڕاستەکراوە بەکارهاتووەکانی ناو گفتوگۆکانی پەرلەمان زیاتر لەبابەتی (A)دا دەردەکەوێت، کە بریتییە لە (٧٩)کردەی ئاڕاستەکراو بە ڕێژەی26.5%، کردەی داواکردنیش لەناو هەموو بابەتەکاندا بەڕێژەیەکی دیاریکراو بەرچاو دەکەوێت و لە بابەتی(C)دا بە ڕێژەی 55.2% بەکارهێنراون، وهێزی ڕاپەڕاندنی کردەکەش بەڕوونی لەبابەتی (کێشەی ژن وخێزان، کاروباری سیاسی)دا دەردەکەوێت.

**وشەکلیلییەکان:** کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان، کردەی داواکردن، هێزی ڕاپەڕاندن، ئاڕاستەی هاوتابوون.

## کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان-Directives speech Acts

## لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا

**پێشەکی:**

**ناونیشـــانی تـــوێژینەوە:** بـــریتییە لە (کـــردە قســـەییە ئاڕاستەکراوەکان لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا) هەوڵێکە بۆ شـــیکردنەوەی کردەقســـەییە ئاڕاســـتەکراوەکان لە گفتوگۆکـــانی پەرلەمانی کوردستاندا.

**گرنگی توێژینەوە:** لەبواری زمانەوانیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەم بوارەدا کار بکەن. بەدیدێکی پڕاگماتیکی– کۆمەڵایەتیانەوە، ئاشنای شیکردنەوە و لێکدانەوەکان لەژێر پایەی پڕاگماتیکدا دەبن.

**ڕێبـــازی تـــوێژینەوە:** بـــواری تـــوێژینەوە دەچێـــتە ئاســـتی پڕاگمـاتییکەوە، ڕێبـازی تـوێژینەوە کەش(وەسـفیی-ئامـاری)یە، تێیـدا کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان شیکراونەتەوە.

**کەرەســـتەی تـــویژینەوە:** ســـنووری تـــوێژینەوە بـــریتییە لە بەکارهێنـانی پڕۆتۆکۆڵەکـانی پەرلەمـانی کوردســـتان بەپێـی چەنـد پڕۆژە یاسایەکی گفتوگۆلێکراو لەپەرلەمانی کوردستاندا لەهەر سێ خولی پەرلەمانیی دووەم(٢٠٠٥ـ ٢٠٠٨)، سێیەم(٢٠٠٩ـ ٢٠١٢)، خولی چوارەم (٢٠١٣ـ ٢٠١٧) وەرگیراون.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە، وەک: ئەو کردەقسەییە ئاڕاستەکروانە چین کەڕۆڵێکی باش لەبەڕێوەبردنی گفتوگۆکانی پەرلەماندا دەبینن؟ کامە بابەت زیاتر کردەی ئاڕاستەکراوی تێدا جێ بەجێکراوە؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** جگە لە پێشەکی و ئەنجام و باس لەمانە دەکات: سەرەتایەک بۆ کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان و ڕوونکردنەوەیەک بۆ هێزی ڕاپەڕاندنی کردەی ئاڕاستەکراو و لەگەڵ گرنگیی ڕاپەڕاندنی کردەی ئاڕاستەکراوەکان، و شیکردنەوەی هەندێک لە کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان لە پڕۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، و شیکردنەوەی ئاماری گوتنەکان بەپێی بابەت و جۆری گوتنەکان، لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزیی وعەرەبی خراونەتە ڕوو.

## ١- کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان- Directives speech Acts[١]

**سەرەتا:**

کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان ((ئەو کردانەن، کە قسەکەر هەوڵی ئاڕاستە کردنی وەرگر دەدات بە ئەنجامدانی کردەیەک لە داهاتوودا و مەرجی بنەڕەتیش لەڕاپەڕاندنی کردەکەدا ڕاستگۆیی و دڵسۆزییە)) (محمود احمد نحلە، ٢٠٠٢: ٨٢).

کردەی ڕاپەڕاندنی ئاڕاستەکراویش پابەندە بە قسەکەر(نێرەر)، چونکە کردەکە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی قسەکەرەوە((مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەوکردەیەش ئەوەیە، کە قسەکەر هەوڵی ئەوە دەدات

کـــاریگەری بخـــاتە ســـەرگوێگر(وەرگر) تـــاوەکو کـــردەیەک ڕابپەڕێنێت))(Searle ,John: (1990),11).

هەروەهـا کـاریگەری کـردەکە دەوەسـتێتە سـەر ئەو پەیوەنـدییە بەهێـــزەی لە نێـــوان قســـەکەر و گـــوێگردا هەیە، کـــردە ئاڕاســتەکراوەکانیش بەپێـی هێـزی ڕاپەڕانـدنیان لەگەڵ دەسـەڵات و شـوێنی دەسـەڵاتەکە دەگۆڕێـت، ئەمەش وا دەکـات جەخـت لەسـەر چەمکـــی دەســـەڵات و ڕاپەڕانـــدنی کـــردەکە بکـــرێتەوە و ئاڕاستەکردنەکەش تەنیا بۆ خەسڵەتە تاکەکەسییەی کە نێرەر هەیەتـی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو پایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی هەیەتـی و لەگەڵ ئەو پەیوەنـدییەی نێـوان خـۆیی و وەرگـر لە ڕاپەڕانـدنی کـردە ئاڕاسـتەکراوەکەدا هەیە، کەواتە ئەوکـردانە خـاوەن سـتراتیجییەتێکی ئاڕاستەکراوی دیارکراون، کە بەچەند شێوەیەکی جیاجیا وەرگر لە داهاتوویەکی دیاریکراودا ڕایان دەپەڕێنێت.

دەکرێت بڵێین کـردە ئاڕاسـتەکراوەکان تەنیـا کردەیەکـی زمـانی نـین، بەڵکـو یەکێـک لەئەرکەکـانی زمـان دەبیـنن، کە پەیوەنـدی نێـوان ئـاخێوەران لەگفتووگۆکردنـدا ڕوون دەکەنەوە. واتە زمـان گـوزارشـت لەڕەوشت و ڕەفتاری نێرەر دەکات و لەڕێگەی ئەو ئاڕاستەکردنەوە کـــاریگەری دەکـــاتە ســـەر وەرگـــر کە پێـــی دەگووترێـــت(ئەرکی ئاڕاستەکردن لەزماندا)).(leech,1996: 56 Geoffrey) ئەو کردانەی، کە دەچـنە نـاو کـردەی ئاڕاســتەکردن، وەک (کـردەی فەرمانـدان و داواکردن ) لەڕێگەی ڕاستگۆیی وناڕاستگۆییەوە نییە، بەڵکو دەبێت کردەکە جێبەجێ بکرێت، یان فەرامۆش بکرێت.

## ١-٢-هێزی ڕاپەڕاندنی کردەی ئاڕاستەکراو

هێــزی راپەڕانــدن لەهەمــوو گــوتەیەکی زمانیــدا هەیە، هەمــوو گووتەیەکیش پلەیەک هێزی تێدایە، کە بەهایەکی کردەیی دەگەیەنێت، هێزی ڕاپەڕاندنی گوتراوەکانیش بەشێکن لە بونیادی واتایی، چونکە لەبەکارهێنانــدا ئەو گــوتراوانە واتــای جۆراوجــۆر دەگەیێــنن، وەک لەڕاپەڕاندنی کردە ئاڕاستەکراوەکان چەندین مەبەستی جۆراوجۆر دەگەیـــــنن کە بەشـــــێکن لە کـــــردە ئاڕاســـــتەکراوەکان، وەک کردەی(فەرماندان، پێشنیازکردن، داواکردن، تکاکردن، ......).

بەلای (ســـیریل)ەوە ((هێـــزی ڕاپەڕانـــدن لەکردەقســـەییەکاندا دەوەستێتە سەر بەکارهێنانی بەهێزیی و بێهێزی ئەو دەربڕینانەی بۆ مەبەستی ڕاپەڕاندن بەکاریان دەهێنن، بۆ هەر هێزێکیش پلەیەکی جیاواز هەیە))( محمد العبد، ٢٠١٠:١٤٣)

هێزی ڕاپەڕاندن لەکردەی ڕاستەوخۆی فەرماندانـدا ئەوەیە، کە قسـەکەر ڕاستەوخۆ داوا لە وەرگر دەکات کردەیەک ڕابپەڕێنێت و هێزی ڕاپەڕاندنەکە بە ڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت، بەڵام  هێزی ڕاپەڕاندن لە کردەی ناڕاستەوخۆدا بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا داوا لە وەرگر ناکات کردەیەک ڕابپەڕێنێت، بۆ نموونە، جیاوازی هێزی ڕاپەڕانـدنی کـردەی ناڕاسـتەوخۆ لەکـردە ئاڕاسـتەکراوەکاندا ئەوەیە ((دەکرێت هێزی ڕاپەڕاندن لەکردەی فەرماندانداندان جێ بەجێ نەکرێت، کە ئەو هێــزی ڕاپەڕانــدنە لەکــردەی پرســیار کردنــدا پارێزگــاری لێدەکرێت))(دلال وشن، ٢٠١٧:٢٤)

## ١-٣-گرنگی ڕاپەڕاندنی کردەی ئاڕاستەکراو

گرنگی ڕاپەراندنی ئەو جۆرە کردانە دەگەڕێتەوە بۆ نێرەر بەبێ وەرگر و بەپێچەوانەوەش، دەکرێت گرنگی ڕاپەراندنی کردەکە بۆ وەرگر بگەڕێتەوە، تا پابەندی ڕاپەڕاندنی کردەکە بێت، چونکە بەپێچەوانەی ئەمە لەو ئەنجامەی هەوڵی بۆ دەدات بێبەش دەبێت.

دەکرێت بڵێین ڕاپەڕاندنی ئەو جۆرە کردانە لەناو گفتووگۆکانی پەرلەماندا تەنیا بۆ تاکە ئەندام پەرلەمانێک ناگەڕێتەوە، چونکە کردەقسەییە بەکارهاتووەکان بەشێکن لەو کردانەی، کە گفتوگۆی پەرلەمانی پێ بەڕێوەدەچێت واتە کردەقسەییەکان لەنێوان دەستەی ئەندام پەرلەمانەکان بەپێی یاسایەکی زمانی هاوبەش ئەنجام دەدرێت.

ئاڕاستەی هاوتابوونی وشە (گوتە)کان لە دونیای دەرەوە بۆ وشە (World- to - Word)[٢]، قسەکەریش ڕاستگۆیانە کردەکە ئاڕاستەی گوێگر دەکات وەک، کردەی ( فەرمانـدان، داواکردن، تکاکردن، ئامۆژگاریکردن، .......).

## ٢- شیکردنەوەی هەندێک لە کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا

### ١.٢ کردەی داواکردن–Request Act [٣]

کردەی داواکردن جۆرێکە لەکردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان، کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکانیش هەوڵ دەدات جیهانی دەرەوە لەگەڵ وشەکاندا هاوتا بکات و قسەکەریش هەوڵ دەدات وا لە وەرگر بکات

کارێــک ڕابپەڕێنێــت. لە گفتوگۆکــانی پەرلەمــان کــردەی داواکــردن بەچەنــد مەبەســتێک بەکــاردەهێنن، وەک: ( فەرمانــدان، تکــاکردن، ڕوونکردنەوە، پێشنیازکردن، ئیزندان، ئاگادارکردنەوە، پرسیارکردن، .....). بۆنموونە:

١-من داوا دەکەم زیاتر ڕوونبکرێتەوە[٤]

**کردەی قسەیی:** بریتییە لە( داوادەکەم)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە، (داواکردنی ئەرێیی)یە.

**ڕاپەڕێــنەری کــردەکە:** بــریتییە لە قســەکەر (ئەنــدام پەرلەمــان) کردەکە بەشێوەیەکی ئەرێیی داوادەکات و ئاڕاستەی وەرگری دەکات بۆئەوەی کردەی داواکردنەکە ڕابپەڕێندرێت.

**ئاماژەی کردەکە** : لە کردەکەدا ئاماژە بۆ ئەندامام پەرلەمانەکان دەکرێت واتە داوا لە (ئێوە)ی وەرگر دەکەم.

**هێــزی کــردەی ڕاپەڕانــدن**: کردەیەکــی ئاڕاســتەیی – داواکــردنە، هەڵگری یزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێــزی ڕاســتەوخۆ**: بــریتییە لە کــردەی داواکــردن، مەبەســتی قســەکەریش لەگەڵ واتــا پیتییەکەی ڕســتە هاوتــا و یەکســانن، ئەگەر قســـەکەر دەســـەڵاتی بەســـەرکردەکەدا نەبێـــت نـــاتوانێ کـــردەی (داواکردن) ڕابپەڕێنێت.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتــابوونی کــردەکە لە جیهــانی دەرەوە بــۆ وشــەیە (World- to - Word) ئاڕاســتەی کــردەکەش

نەرمونیانیی تێدا بەدیدەکرێت، مەبەستێکی ڕاستگۆیانەی قسەکەرە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت.

٢-داوا لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکەم، کە ماوەی نیقاش نەدات.[٥]

**کردەی قسەیی**: بریتییە لە (داواکردن)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە، (داواکردنی پێویست بوونی ئەرێیی)یە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە قسەکەر (ئەندام پەرلەمان)کە کردەکە داوادەکات بەشێوەیەکی ئەرێی کردەکە ئاڕاستەی وەرگر (سەرۆک پەرلەمان)دەکرێت بۆئەوەی کردەی داواکردنەکە ڕابپەڕێندرێت.

**ئاماژەی کردەکە** : لە کردەکەدا ئاماژە بۆ کۆمەڵە کەسێک دەکرێت، ئەوانیش (دەستەی-سەرۆکایەتی پەرلەمان)ن، کە کردەی داواکردن و فەرماندان داوادەکرێت.

**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**: کردەیەکی ئاڕاستەیی- داواکردنە، هەڵگری هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی داواکردن، مەبەستی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن، قسەکەر وەک ئەندام پەرلەمانێک ئەگەر دەسەڵاتی بەسەرکردەکەدا نەبێت ناتوانێ کردەی (داواکردن) ئاڕستەبکات.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World– to - Word) ئاڕاستەی کردەکەش

نەرمونیانی تێدا بەدیدەکرێت، مەبەستێکی ڕاستگۆیانەی قسەکەرە ئاڕاستەی وەرگری دەکرێت.

## ٢.٢ کردەی تکاکردن Please Act

-٣-تکاتان لێدەکەم ئەم باندان بیانگرن، چونکە لە کوردستان هەتاکو ئێستا ئەم دیاردەیە زەق نەبۆتەوە: [٦]

**کردەی قسەیی**: بریتییە لە (**تکاتان لێدەکەم** )، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە قسەکەر (ئەندام پەرلەمان) کردەکە ئاڕاستەی وەرگر (سەرۆک پەرلەمان) دەکرێت بۆئەوەی کردەی تکاکردنەکە ڕابپەڕێندرێت.

**ئاماژەی کردەکە**: لە کردەکەدا ئاماژە بۆ وەرگر (وەزیری داد)دەکرێت و لەڕێگەی (ن)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ(ئێوە)، بۆ ئەوەی کردەکە ڕابپەڕێنێت.

**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**: کردەیەکی ئاڕاستەیی – داواکردنە، هەڵگری هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی تکاکردن، ((تکاکردنیش هەر هەمان مەرجی داواکردن و فەرماندانی هەیە ))(قیس کاکل:٦٧، ١٩٩٥) مەبەستی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World- to – Word) ئاڕاستەی کردەکەش

نەرمونیانیی تێدا بەدیدەکرێت، مەبەستێکی ڕاستگۆیانەی قسەکەرە ئاڕاستەی وەرگری دەکرێت. تا بتوانرێت وەڵامی کردەکە بدرێتەوە .

--٤- تکایە گوێم لێبگرن [٧]

**کردەی قسەیی**: بریتییە لە( تکایە گوێم لێبگرن)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

**ئاماژەی کردەکە**: لە کردەکەدا ئاماژە بۆ کۆمەڵە کەسێک دەکرێت و لەڕێگەی (ن)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ(ئێوە)، کردەی داواکردن و فەرماندان ئەنجام دەدرێت.

**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**:کردەیەکی ئاڕاستەیی – داواکردنە، هەڵگری دوو هێزی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی داواکردن، مەبەستی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن.

**هێزی ناڕاستەوخۆ**: کردەی پاڕانەوەیە لەلایەن بکەری کردەکە (ئەندام پەرلەمان) داواکردنەکەش بۆ بوار پێدانە تاوەکو قسە بکات. واتە داواکردنەکە لە (ئەندام پەرلەمان)ەوە بۆ (سەرۆکی پەرلەمان)، واتە پایەی دەسەڵاتی نێرەر نزمترە لەهی وەرگر و زیاتر ڕێزگرتن لەداوایەکەدا بەدیدەکرێ. کردەقسەییە ناڕاستەوخۆکەش پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان پێکهاتەی واتایی و پەیوەندی

ئەرکــی ڕســتەکەدا هەیە، هەروەهــا ئــاوازەی دەربــڕینەکەش هێــزی ڕاپەڕاندنەکە زیاتر ڕووندەکاتەوە.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتـابوونی کـردەکە لە جیهـانی دەرەوە بۆ وشـەیە (World– to – Word) واتە ئەو دەوروبەرەی کـردەکەی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت لەگەڵ وشــەکاندا هاوتــا دەبــن و ڕەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونیەیە، کە قسەکەر تێیدایە.

## ٢-٣ کردەی ڕوونکردنەوە– Explanation Act

-٥-ڕوونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدەن [٨]

**کردەی قسەیی**: بریتییە لە( ڕوونکـردنەوەیەک بـدەن)، کردەیەکـی ئاڕاستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەنـدام پەرلـەمانەکـان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

**ئامــاژەی کــردەکە** : لە کــردەکەدا ئامــاژە بــۆ کــۆمەڵە کەســێک دەکرێت و لەڕێگەی (ن)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ(ئێوە)، کردەی داواکردن و فەرماندان ئەنجام دەدرێت.

**هێـزی کـردەی ڕاپەڕانـدن**: کردەیەکـی ئاڕاسـتەیی– داواکـردنە، هەڵگری دوو هێزی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بـریتییە لە کردەی داواکردنـی ڕوونکـردنەوە، مەبەستی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن،

ئەگەر قســەکەر دەســەڵاتی بەســەرکردەکەدا نەبێــت نــاتوانێ داوای ڕوونکردنەوە بکات و داوا لە بەرامبەرەکەی بکات ڕاپبپەڕێنێت.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World– to– Word) ئاڕاستەی هاوتابوونەکە هەردەم ئەنجام و مەبەستی ڕاپەڕاندنی کردەکە دەردەخات.

## ٢.٤ کردەی پێشنیازکردن–Suggestory Act

٦–بەپێچەوانەی لیژنەی یاساییەوە، با جگەرە کێشان لابدرێ و من دەڵێم با لانەدرێت لەبەر ئەوەی یاسای بەڕەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان هەیە [٩]

**کردەی قسەیی**: بریتییە لە کردەی (**با جگەرە کێشان لابدرێ**)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

**ئامــاژەی کــردەکە** : لە کــردەکەدا ئامــاژە بــۆ (ســەرۆکایەتی پەرلەمان) کراوە و لەڕێگەی مۆرفیمی(با)ەوە قسەکەر فەرماندانێک وەک پێشنیازکردنێک ئەنجام دەدات.

–**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**:کردەیەکی ئاڕاستەیی– داواکردنە، هەڵگری دوو هێزی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێــزی ڕاســتەوخۆ**: بــریتییە لە کــردەی( داواکــردن)، مەبەســتی قســەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن، ئەگەر

قسـەکەر دەسـەڵاتی بەسـەر کـردەکەدا نەبێـت نـاتوانێ داواکـردنەکە ئەنجام بدات و داوا لە بەرامبەرەکەی بکات ڕای بپەڕێنێت.

**هێزی ناڕاستەوخۆ**: کردەی داواکردن لەشـێوەی پێشـنیازکردن لەلایەن بکەری کردەکە(ئەندام پەرلەمان). واتە لە ئەندام پەرلەمانەوە بۆ سەرۆکی پەرلەمانە. کردەقسەییە ناڕاستەوخۆکەش پەیوەندییەکی ناڕاسـتەوخۆی لەنێـوان پێکهـاتەی واتـایی و پەیوەنـدی ئەرکـی ڕسـتەکەدا هەیە، هەروەهـا دەبێـت نێـرەریش لەوە دڵنیـا بکـاتەوە، کە وەرگر بە پێشنیازەکەی ڕازی دەبێت، یان ڕەتیدەکاتەوە.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتـابوونی کـردەکە لە جیهـانی دەرەوە بـۆ وشـەیە (World to – Word) ئاڕاسـتەی هاوتـابوونەکە هەردەم ئەنجـام و نـاوەڕۆک و مەبەسـتی ڕاپەڕانـدنی کـردەی فەرماندانی ئاشکرا دەگەیەنێت.

**٥-٢کردەی ئیزندان: License Act**

٧- <u>ڕێگەم بدە</u> قسەی خۆم بکەم.[١٠]

**-کـردەی قسـەیی**: بـریتییە لە( ڕێـگەم بـدە)، کردەیەکـی ئاڕاستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

**ئاماژەی کردەکە** : لە کردەکەدا ئاماژە بۆ تاکە کەسێک دەکرێت و لەڕێگەی (ت)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک (تۆ)، کردەی داخوازی ئەنجام دەدرێت.

**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**: کردەیەکی ئاڕاستەیی– داواکردنە، هەڵگری هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی فەرماندان بۆ ڕێگە پێدان، لەم جۆرە کردەیەدا بوونی وەرگر پێویستە، چونکە فەرماندانەکە ئاڕاستەی کەسی دووەم دەکرێت چ تاک، یان بۆ کەسی دووەمی کۆ بێت، مەبەستی نێرەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن، ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتی بەسەرکردەکەدا نەبێت ناتوانێ کردەی(فەرماندان)ەکە ڕابپەڕێنێت.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World– to- Word) ئاڕاستەی کردەکەش توندی لەدەربڕیندا بەدیدەکرێت، مەبەستێکی ڕاستگۆیانەی قسەکەرە ئاڕاستەی وەرگری دەکرێت. جۆرە داخوازییەکی تێدایە.

**٦–٢کردەی ئاگادار کردنەوە–Attention Act**

٨–ئەم بەڕێوەرایەتییە (ضد المرأة)یە، بۆیە ئەوە حەز دەکەم ئاگادار بن.[(١١)]

– **کردەی قسەیی**: بریتییە لە( ئاگاداربن)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە.

- **ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

- **ئاماژەی کردەکە**: لە کردەکەدا ئاماژە بۆ کۆمەڵە کەسێک دەکرێت و لەڕێگەی (ن)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ (ئێوە)، کردەی فەرماندان(ئاگادار بوون)ەکە ئەنجام دەدرێت.

- **هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**: کردەیەکی ئاڕاستەیی– فەرماندانە، هەڵگری هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی ئاگادار بوون لەڕێگەی کردەی فەرماندانەوە، لەم جۆرە کردەیەدا بوونی وەرگر پێویستە، چونکە فەرماندانەکە ئاڕاستەی کەسی دووەم دەکرێت چ تاک، یان بۆ کەسی دووەمی کۆ بێت، مەبەستی نێرەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن، ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتی بەسەرکردەکەدا نەبێت ناتوانێ کردەی(فەرماندان)ەکە ڕابپەڕێنێت.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە:** هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World- to - Word) ئەم هاوتابوونەش دەوەستێتە سەر ئەو زانیارییەی کە پێشەکی قسەکەر بە وەرگری دەبەخشێت بەشێوەی فەرماندان لەگەڵ وشەکان هاوتای دەکات.

## ٢-٧ کردەی ڕاگەیاندن Declarations- Act

-٩-من حەز دەکەم بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم[١٢].

--**کردەی قسەیی**: بریتییە لە( ڕابگەیەنم)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە.

- **ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

- **ئاماژەی کردەکە**: لە کردەکەدا ئاماژە بۆ تاکە کەسێک دەکرێت و لەڕێگەی (تان)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاک (ئێوە)، کردەی فەرماندان(**ڕاگەیاندن**)ەکە ئەنجام دەدرێت.

- **هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**: کردەیەکی ئاڕاستەیی– فەرماندانە، هەڵگری هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی ڕاگەیاندن، لەم جۆرە کردەیەدا بوونی وەرگر پێویستە، چونکە فەرماندانەکە ئاڕاستەی کەسی دووەم کۆ (تان)کراوە، مەبەستی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانە، ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتی بەسەرکردەکەدا نەبێت ناتوانێ کردەی(فەرماندان)ەکە ئاڕاستەی وەرگر بکات، لەهەمان کاتدا وەرگریش دەبێت پابەندی فەرماندانەکەبێت لەڕێگەی ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا.

- **ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لەجیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World– to – Word) ئاڕاستەی کردەکەش توندوتیژی لەدەربڕیندا بەدی ناکرێت، مەبەستێکی ڕاستگۆیانەی قسەکەرە ئاڕاستەی وەرگری دەکرێت.

## ٢.٨ کردەی هەڕەشەکردن Threat Act

١٠–داوا لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەم <u>دەست بۆ ئەم کارە نەبەن</u>.(١٣)

**کردەی قسەیی**: بریتییە لە(**دەست بۆ ئەم کارە نەبەن**)، کردەیەکی ئاراستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

**ئامـاژەی کـردەکە**: لە کـردەکەدا ئامـاژە بـۆ کـۆمەڵە کەسـێک دەکرێـت و لەڕێـگەی (ن)ی جێنـاوی لکـاو بـۆ کەسـی سـێیەمی کـۆ (ئەوان-یەکیتـی نیشـتیمانی کوردسـتان)، کـردەی هەڕەشـەکردنەکە ئەنجام دەدرێت.

**هێـزی کـردەی ڕاپەڕانـدن**: کردەیەکـی ئاڕاسـتەیی- فەرمانـدانە، هەڵگری دوو هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێـزی ڕاسـتەوخۆ**: بـریتییە لە کـردەی داواکـردن، مەبەسـتی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن.

**هێـــزی ناڕاســـتەوخۆ**: کـــردەی فەرمانـــدان لە (شـــێوەی هەڕەشـــکردن)ە زمـــانەوان (ئۆســـتن) پێـــی وایەکە، (( کـــردەی هەڕەشـــەکردن بـــۆ ترســـاندنی وەرگـــر دەتوانرێـــت لەهەنـــدێک دەوروبەردا بەشـــــێوەیەکی کـــــــاریگەر و ڕاســـــــتەوخۆ بەکاربهێنرێ))(Aust, John:1962,131)

هەروەها (( لەهەڕەشکردندا زۆر کات دەتوانرێت بەبەکارهێنانی ئـامرازی مەرجەوە، کـردەک ڕابپەڕێنـدرێت ))( Sadiq Mahdi , Ibtihal Jasim:2005,230)

وەک(**ئەگەر دەست بۆ ئەم کارە ببەن ئەنجامەکەی باش نابێت**) بەڵام ئەوەی هەڕەشکردن لە کردەی ناڕاستەوخۆ جیادەکاتەوە ئەوەیە، کردەی ناڕاستەوخۆ پشت بەلێکدانەوەی وەرگر دەبەستێت، بەڵام ((کردەی هەڕەشکردن لەهەندێک حاڵەتدا قسەکەر بواری هەڵبژاردن بەگوێگر نادات مەبەستی هەڕەشەکردنەکە ئامانجی خۆی ناپێکێت))( Geoffrey N, Leech- ، 1996:-104).

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World– to - Word) ئاڕاستەی کردەکەش توندی لەدەربڕیندا بەدیدەکرێت، مەبەستێکی ڕاستگۆیانەی قسەکەرە ئاڕاستەی وەرگری دەکرێت. بێگومان هاوتابوونەکە لەواتای ئەوەی جیهاندا هەیە بە وشە ڕادەپەڕێندرێت.

**٩-٢ کردەی ناچارکردن-Obligation Act**

١١-دەبێت دەوڵەتی تورکیا لێبووردنێکی گشتی ڕابگەیەنێ، دان بە کێشەی گەلی کورد بنێت.(١٤)

**-کردەی قسەیی**: بریتییە لە پێویستە(ڕابگەیەنێ)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە، (داواکردنی پێویست بوونی ئەرێیی)یە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بکەرەکە بریتییە لە قسەکەر (ئەندام پەرلەمان)کە کردەکە بەشێوەیەکی ئەرێیی ئاڕاستەی وەرگر (سەرۆک پەرلەمان)دەکرێت بۆئەوەی تورکیا ناچار بکات کردەکە ڕابپەڕێندرێت.

**ئامــاژەی کــردەکە**: لە کــردەکەدا ئامــاژە بــۆ کــۆمەڵە کەســێک دەکرێــت، ئەوانــیش (دەســتەی-ســەرۆکایەتیی پەرلەمــان)ن، تــاوەکو لەڕێگەی ئەوانەوە کردەکە ڕابپەڕێندرێت.

-**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**: کردەیەکی ئاڕاستەیی– داواکردنە، هەڵگری و هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێــزی ڕاســتەوخۆ**: بــریتییە لە کــردەی داواکــردن، مەبەســتی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی هاوتا و یەکسانن، قسەکەر وەک ئەندام پەرلەمانێک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوا لە وەرگر دەکات کردەی(داواکردن) ڕابپەڕێنێت.

**هێـــزی ناڕاســـتەوخۆ**: لەکـــردەی ناچارکردنـــدا قســـەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کردەکە ئاڕاستەی وەرگر ناکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هێزی ڕاپەڕاندنی داواکردنەکە لەلایەن وەرگرەوە کەمتر بێتەوە، لەڕێگەی وشەیەکی فەرهەنگییەوە، وەک(پێویستە)ەوە هاوسەنگی داواکردنی هێزەکە دەکرێت.

لەم جـۆرە کـردەیەدا قســەکەر دەســەڵات و توانــایەکی تەواوی هەیە بەشێوەک، کە دەتوانێت فەرمـان بەســەر وەرگـردا بکـات واتە کردەی داواکردنی ستوونی دەبێت ((مەبەست لەداواکردنی ستوونیش ئەوەیە، کە قســەکەر لەڕووی تەمەن یـان دەســەڵات و هێـز و پـلە و پــایەی کــۆمەڵایەتییەوە بەرزتــرە و دەســەڵاتی بەســەر وەرگــردا هەیە)).(قیس اسماعیل الاوسی:٨١، ١٩٨٨).

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتـابوونی کـردەکە لە جیهانی دەرەوە بـــۆ وشـــەیە (World- to - Word)، مەبەســـتێکی ڕاستگۆیانەی قسـەکەرە ئاڕاسـتەی وەرگری دەکرێت. تـا ئەو شـتەی مەبەستییەتی بەوشە وەڵام بدرێتەوە.

## ١٠-٢کردەی پرسیارکردن Interrogative- Act [(١٥)]

یەکـێکە لەکردەقسـەییە ئاڕاسـتەکراوەکان، ((ئەوڕسـتانەن، کە بە فـۆرم پرسـیارین، لەهەمـان کاتـدا کـردەی پرسـیار دەگەیـنن، داوای وەڵامــدانەوە لەوەرگــر بەوتــن، یــان ڕەفتــار، بەوپێــیەی واتـــای نـافۆرمی(**Illocutionary Acts**) و واتـای فـۆرمی( **Lectionary Acts**) بەرامبەر یەک بوەستن)) (ئاڤێستا کەمال، ٥٢:٢٠٠٩).

کــــردەی پرســــیارکردن بـــۆ داواکردنــــی ئەو زانیارییــــانە بەکاردەهێنێـت، کە نێـرەر زانیـاریی لەبـارەیەوە نیـیە و ئاڕاسـتەی وەرگـــری دەکـــات ئەمەش بە دوو شـــێوە دەکرێـــت جۆرێکیـــان پرسـیارکردنێکی گشـتییە واتە((ئەم جـۆرە پرسـیارکردنە هـیچ جـۆرە ئـامرازێکی پرسـیار کـردن لەنـاو کەرتە پێکهێنەرەکـانییەوە نـابینرێ، بەڵکـو بەهـۆی بەکـار هێنـانی هێـزەوە لە( سـەرەوە بـۆ خـوارەوە) دروست دەبێت ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، تـا وەکو بڕیاری لەسـەر بدات))(ئەبو بەکر عومەر، ٦٣:١٩٩٣)

ئەمەش بەبەکارهێنانی یەکێک لەم وشـانە لەکاتی وەڵامدانەوەدا، وەک( بەڵێ، نەخێـر، ....) جـۆری دووەمـیش بـریتییە لە پرسـیارکردن بەهۆی ئامرازەوە پرسیاری تـایبەتی، یـا وشـەی تـایبەتی پێدەوترێت، هەروەهـا لەم جـۆرە کردەقسـەییەدا قسـەکەر دەیەوێـت زانیـاری لە

خاڵێکی تایبەتییەوە لە وەرگر وەربگرێت. قسەکەریش زانیارییەکان لەڕێگەی وەرگرەوە وەردەگرێت و تا هێزی ڕاپەڕاندنی کردارەکە دەربکەوێت.

هەروەها پرسیار کردن لە داواکردن دەچێت، جیاوازی نێوانیان تەنیا لەوەدایە، کەزانیاری دەکات بەڵام(فرماندان و داواکردن )داوای ڕوودان و کردن دەکات))(قیس کاکل، ١٩٩٥:٦٩)

لەناو گفتوگۆکانی پەرلەماندا چەندین جۆر لەم کردەقسەییانە بۆ مەبەستی داواکردن و فەرماندان بەکاردەهێنرێت و بە چەندین مەبەستی جیاجیا واتای کردەکە دەگەیەنن، وەک:

١٢-ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان بەئەرکی خۆی هەڵساوە؟[١٦]

**کردەی قسەیی:** بریتییە لە(کردەی پرسیارکردنی گشتی) بەیارمەتی ئامرازی(ئایا)ی پرسکردنەوە، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە:** بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

**ئاماژەی کردەکە:** لە کردەکەدا ئاماژە بۆ(ی)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک (ئەو-سەرۆکایەتی پەرلەمان) دەکرێت، کردەی(پرسیار کردن)ەکە ئەنجام دەدرێت.

**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن:** کردەیەکی ئاڕاستەیی- فەرماندانە، هەڵگری هێزێکی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی پرسیارکردن، لەم جۆرە کردەیەدا بوونی وەرگر پێویستە، چونکە فەرماندانەکە ئاڕاستەی وەرگر کراوە، مەبەستی قسەکەریش لەگەڵ واتا پیتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانە، ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتی بەسەرکردەکەدا نەبێت ناتوانێ کردەی(پرسیارکردن)ەکە ئاڕاستەی وەرگر بکات، لەهەمان کاتدا وەرگریش دەبێت پابەندی ئەو وەڵام دانەوەیە بێت.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World– to – Word)، ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکەش دەکەوێتە سەر ئەو زانیارییانەی قسەکەر کە لە دەوربەرێکی زمانییەوە لە گوێگری داوادەکات و وەرگریش بەچەند وشەیەک کردەکە ڕادەپەڕێنێ.

١٣-یەک کەس چۆن ئەخرێتە دەنگدانەوە؟ [١٧]

**کردەی قسەیی**: بریتییە لە(کردەی پرسیارکردنی تایبەت)، کردەیەکی ئاڕاستەکردنە.

**ڕاپەڕێنەری کردەکە**: بریتییە لە وەرگر (ئەندام پەرلەمانەکان)کە کردەکە ڕادەپەڕێنن.

**ئامـاژەی کـردەکە** : لە کـردەکەدا ئامـاژە بەدەسـتەی سەرۆکایەتییەوە دەکات و لەڕێگەی (چۆن)ی وشەی پرسەوە بۆ چۆنییەتی وەرگرتنی زانیاریی لەلایەن وەرگرەوە کردەی (گلەیی کردن) لەسەر شێوازی پرسیارکردنەوە ئەنجام دەدرێت.

**هێزی کردەی ڕاپەڕاندن**: کردەیەکی ئاڕاستەیی– فەرماندانە، هەڵگری دوو هێزی ڕاپەڕاندنە، وەک:

**هێزی ڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی پرسیارکردن، مەبەستی قسەکەریش لەگەڵ واتا پێتییەکەی ڕستە هاوتا و یەکسانن و باس لەچۆنییەتی دەنگدانەکە دەکات.

**هێزی ناڕاستەوخۆ**: بریتییە لە کردەی پرسیار کردن بەمەبەستی گلەیی کردن، لەم جۆرە کردەیەدا بوونی وەرگر پێویستە، چونکە فەرمانـدانەکە ئاڕاستەی کەسی دووەمی کۆ (تان)کراوە، ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتی بەسەرکردەکەدا نەبێت ناتوانێ کردەی (پرسیارکردن)ەکە ئاڕاستەی وەرگر بکات، لەهەمان کاتدا وەرگریش دەبێت پابەندی وەڵامدانەوەکەی بێت لەڕێگەی ئەو کەرەسە زمانییەی بۆ وەڵامدانەوەکەی بەکاریدەهێنێت.

**ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکە**: هاوتابوونی کردەکە لە جیهانی دەرەوە بۆ وشەیە (World– to – Word)، ئاڕاستەی هاوتابوونی کردەکەش دەکەوێتە سەر ئەو زانیارییانەی قسەکەر کە لە دەوروبەرێکی زمانییەوە داوا لەوەرگری دەکات و وەرگریش بەچەند وشەیەک کردەکە ڕادەپەڕێنێت.

## ١١- شیکردنەوەی ئاماریی کردەقسەییە ئاڕاستەکراوەکان بەپێی بابەت

دوای وردبوونەوە لەسەرجەم ئەو کەرەستە خاوانەی بەپێی میتۆدی زانستی چەند بابەتێکمان لە دەقی پڕۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستاندا هەڵبژاردووە.

### ١١-١-کۆمەڵگای ئاماری

بریتییە لە پڕۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان، کەلە (٢)دوو خولی پەرلەمانی پێکدێن، پڕۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان لەو دانیشتنانە پێکدێن، کە لەناو پەرلەماندا گفتوگۆی پڕۆژەیاساکانی تێدا کراوە.

### ١١-٢-نموونەی مەبەستدار

دیاریکردنی نموونەی مەبەستدار، بۆ دیاریکردنی گوتنەکانی دوو خولی پەرلەمانی جیاوازلەخۆدەگرێت، وەک (٢٠٠٥ــ٢٠٠٨)، (٢٠٠٩ــ٢٠١٢)، ئەم نموونانەش لە سایتی پەرلەمانی کوردستان لە(ئەنتەرنێت)ەوە وەرگیراون.

### ١١-٣- قەبارەی نموونە

ژمارەی پڕۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان بریتین لە (٦١٠) پڕۆتۆکۆڵ، بەپێی پێویستیی توێژینەوەکەمان لەخولی دووەم (٢٠٠٥ـ٢٠٠٨)، خولی سێیەم (٢٠٠٩ـ ٢٠١٢)، نموونەی دەستنیشانکراو لە کۆمەڵگای ئاماری توێژینەوەکە بریتییە لە(نموونەی مەبەستدار)

لەم جۆرەدا توێژەر مەبەستدارانە نموونەکان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی خەسڵەتەکانی ئەو نموونەیە بەڕاستی نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات، توێژەر چەند بابەتێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت, ڕەنگە ئەو بابەتە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندی ئاماری تێدابێت، هەروەها ئەم نموونەیە هەڵبژێردراوە، چونکە پڕۆتۆکۆڵە گفتوگۆلێکراوەکان قەبارەیان زۆرە و ئەو بابەتانەی کراون بەپڕۆژە یاسا زۆر بوون، هەر بۆیە بەپێویستمان زانی بەم شێوەیە توێژینەوەکەمان ئەنجام بدەین: واتە بەپێی بابەت (٥)بابەتمان دیاریکردووە و بۆ هەر بابەتێکیش (٢) پڕۆتۆکۆڵ شیکراونەتەوە.

## ١١-٤- کۆدی گوتنەکان

بۆ شیکردنەوەی بابەتەکانی ناو پرۆتۆکۆڵەکانی کوردستان بەپێویستمان زانی، بۆ هەر هەر بابەتێک کۆدی تایبەتی هەبێت، وەک:

(A) بۆ (کێشەی ژن و خێزان)، (B) بۆ (تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی)، (C) بۆ (کاروباری سیاسی)، (D ) بۆ (کێشە داراییەکان)، (E) بۆ (پەروەردە و خوێندنی باڵا)، تیۆری کردەقسەییەکان بەپێی ئامارێک بۆ هەموویان بەکارهێنراوە.

**نموونەی ئاماری بەپێی بابەتەکان، بریتین لە:**

## یەکەم : (A) کێشەی ژن و خێزان:

| ژ | ناونیشانی بابەت | پرۆتۆکـۆڵ و ژمارە | ســـــاڵ و خوول | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١- | داکـۆکیکردن لە مـافی ئافرەتـان و ژنـان، بەدواداچوونی کوشتنی ژن و ئافرەتان | ٣١/٤١ | ٢٠٠٧/٧/٤ دووەم | ٣١٦-٣٦٥ |
| ٢- | پڕۆژەیاســـــای بەڕەنگـــــاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان | ٢٨/٧٠ | ٢٠١١/٦/٢١ سێیەم | ٦٥-١٩١ |

## دووەم: (B) تەندروستیی و کاروباری کۆمەڵایەتی:

| ژ | ناونیشانی بابەت | پرۆتۆکۆڵ و ژمارە | ساڵ وخوول | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١- | پـــڕۆژە یاســـای ســـندوقی هاوکـــاریکردنی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس | ٨/٨٣ | ٢٠١٢/٩/٢٦ سێیەم | ٧-٦٨ |
| ٢- | پـــڕۆژە یاســـای تەندروســـتیی و کاروبـــاری کـــــۆمەڵایەتیی و مافەکـــــانی مــــرۆڤ و داکۆکیکردن لەمافی ژنان و ئافرەتان لەسـەر ڕەوشـــی بەنـــدیخانەکان و بەنـــدکراوەکانی هەرێم | ١٦/٣٨ | ٢٠٠٦/١٠/٣٠ دووەم | ٧٣-١٢٩ |

## سێیەم : (C)کاروباری سیاسی:

| ژ | ناونیشانی بابەت | پرۆتۆکـۆڵ و ژمارە | ساڵ وخوول | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١- | هەڵوێستی پەرلەمان لەسەر وەزعی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەهۆی هەڕەشـەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق | ١٦/٤٤ | ٢٠٠٧/١٠/٢٤ سێیەم | ٤٣-٨٦ |
| ٢- | پـــــرۆژە یاســـــای بەڕەنگــــاربوونەوەی تۆقانــدن(تیرۆر) لە هەرێمــی کوردســـتانی عێراقدا | ٢/٣٦ | ٢٠٠٦/٣/٢٩ دووەم | ٥٥-٨٨ |

## چوارەم : (D) کێشە داراییەکان:

| ژ | ناونیشانی بابەت | پرۆتۆکـۆڵ و ژمارە | ساڵ وخوول | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ١- | پـــــرۆژە یاســــای بــــودجەی سـاڵی٢٠١٠ی هەرێمـی کوردسـتان- عێراق | ١/٥٥<br>٤/٥٥ | ٢٠١٠/١/٢٦سێیەم<br>٢٠١٠/٢/٢٤سێیەم | ٧-٢٠<br>١٦٢-٢٥٠ |

**پێنجەم: (E) پەروەردەو خوێندنی باڵا:**

| ژ | ناونیشانی بابەت | پرۆتۆکـۆڵ و ژمارە | ســـــــاڵ وخوول | لاپەڕە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١- | سیســـتەمی نـــوێی خوێنـــدن لە هەرێمـــی کوردستان– عێراقدا | ٣/٤٣ | ٢٠٠٧/٩/١٢ دووەم | ١٣٠-٧٧ |
| ٢- | ڕاپـۆرتی لیـژنەی لێکـۆڵینەوەی پەرلەمـان سەبارەت بە زانکۆ ئەهلییە داخراوەکان لە هەرێمی کوردستان– عێراقدا | ٢/٥٥ | ٢٠١٠/٢/٢٢ سێیەم | ٨٥-٢٣ |

شـیکردنەوەی بابەتەکـانی پرۆتۆکـۆڵی پەرلەمـانی کوردسـتادا بەپێـی هێلکـاری ژمـارە(١) ڕوون دەبێـتەوە، کە هەریەک لە بـابەتە گفتوگۆلێکراوەکـان بە ڕێژەیەکـی جیـاواز گوتنەکـان بەکـارهێنراون، بەشـێوەیەکی ئاسـایی ژمـارەی گوتنەکان لەنـاو بابەتەکـان دووبـارە کراونەتەوە.

لە کۆی گشـتی (٢٩٨)گوتنـدا، لە بـابەتی(A) یدا ژمـارەی گـوتنە بەکارهاتووەکان بریتین لە (٧٩) کردەی ئاڕاستەکراو، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرترین ڕێژەی گـوتن لەم بـابەتەدا بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی تر بەکـارهێنراون، بەڵام بەرزی ڕێژە لە هەر بابەتێکدا نابێتە هـۆی لاوازی گفتوگۆکردنەکە، بەڵکـو هێـزی کردەی قسـەیی و پێویســـتی کردەیـــی و وەدیهێنـــانیەتی لە بەڕێـــوەبردنی پرۆتۆکـــۆڵ لەلایەن ئەنـــدام پەرلەمانەکـــان و پابەنـــد بوونیـــان بەچـــۆنیەتی بەکارهێنـانی ئەو گوتنـانە بـۆ بەهێـزی داڕشـتنەوەی گفتوگۆکـان و


بایەخ دان بەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو گوتنانە مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمانە. ژمارەی گوتنەکانی تریش بەم شێوەیە هاتووە: بابەتی(B)چل ونۆ (٤٩)، بابەتی(C) پەنجاو هەشت(٥٨)، بابەتی(D) پەنجاو حەوت(٥٧)، بابەتی(E)پەنجاو حەوت(٥٥) گوتن ڕاپەڕێندراون.




**هێلکاری ژمارە(١)ئاماری گوتنەکان بەپێی بابەت**

لەشیکاری پڕۆتۆکۆڵەکان بەپێی هێلکاری ژمارە(٢) گرنگی بابەتی(A) بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تر زیاتر دەبینرێت، چونکە سنووری بەکارهێنانی لەبابەتەکانی تر فراوانترە و زۆرترین گوتنی تێدا هاتووە. بۆ بابەتی(A) ڕێژەی26.5%، بۆ بابەتی(B) ڕێژەی16.4%، بۆ بابەتی(C) ڕێژەی 19.5%، بۆ بابەتی(D)ڕێژەی 19.1%، بۆبابەتی(E)ڕێژەی 18.5% بەکار هاتوون، بەڵام کەمترین ڕێژەی بەکارهاتوو لەبابەتی(B) دا هاتووە.لەسەر ئەو بنەمایە گریمانەی ئەوە دەکرێت گرنگی بابەتی(A) لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا زیاتر دەربکەوێت بەبەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تر، ئەمەش ئەوە

دەسـەلمێنێت، کە لە کوردسـتاندا کێشـەی ژن و خێـزان بەڕێژەیەکـی زۆر لەزیاد بوون دایە.




**هێلکاری ژمارە(٢) ئاماری گوتنەکان بەپێی بابەت**

شـیکردنەوەی بابەتەکـانی پرۆتۆکـۆڵی پەرلەمـانی کوردسـتاندا بەپێـی نەخشـەی ژمـارە(١)دا ڕوون دەبێـتەوە کـردەی قسـەیی ئاراسـتەکراو بە ڕێژەیەکـی جیـاواز جـۆری گوتنەکـان لە کـردەی ئاراستەکراو بەکارهێنراون، بەشێوەیەکی ئاسایی ژمارەی گوتنەکان لەنـاو بابەتەکـان دووبـارە کـراونەتەوە. لە کـۆی گشـتی (٢٩٨)گـوتنە بەکارهاتووەکانی نـاو بابەتەکانی پرۆتۆکۆڵی پەرلەمـانی کوردستان، جـۆری گـوتنی (داواکـردن) بـریتییە لە (١٥٤)کـردەی ئاراسـتەکراو هاتووە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرتـرین ڕێژەی گوتن لەم بـابەتەدا بە بەراورد لەگەڵ ئەوانــی تـر بەکـارهێنراون.لەدوای کـردەی داواکـردن کـردەی (پرسـیارکردن) بـریتییەلە(٧٢ ) گـوتن بـۆ بەڕێـوەبردن و گفتوگـۆکردنی پرۆژەیاسـاکان بەپـلەی دووەم دێـت،


کەمترین جۆری گوتنە بەکارهاتووەکانیش بریتین لە(ناچارکردن، (۱)گوتن وئامۆژگاریی کردن(۱)گوتن، قەدەغەکردن(۲))گوتن.

| کردەی ئاڕاستەکراو | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامۆژگاریی کردن | فەرماندان | قەدەغەکردن | پرسیار کردن | ناچارکردن | هەڕەشەکردن | ڕاگەیاندن | ئاگادارکردنەوە | ئیزندان | پێشنیازکردن | ڕوونکردنەوە | تکاکردن | داواکردن | |
| 1 | 2 | 1 | 29 | 0 | 0 | 2 | 7 | 2 | 4 | 8 | 4 | 19 | A |
| 1.3% | 2.5% | 1.3% | 36.7% | 0.0% | 0.0% | 2.5% | 8.9% | 2.5% | % 5.1 | 10.1% | 5.1% | 24.1% | |
| 0 | 2 | 1 | 9 | 0 | 0 | 3 | 3 | 0 | 2 | 2 | 3 | 24 | B |
| 0.0% | 4.1% | 2.0% | 18.4% | 0.0% | 0.0% | 6.1% | 6.1% | 0.0% | % 4.1 | % 4.1 | 6.1% | 49.0% | |
| 0 | 1 | 0 | 4 | 1 | 5 | 0 | 5 | 4 | 4 | 2 | 0 | 32 | C |
| 0.0% | 1.7% | 0.0% | % 6.9 | 1.7% | 8.6% | 0.0% | 8.6% | 6.9% | % 6.9 | % 3.4 | 0.0% | 55.2% | |
| 0 | 1 | 0 | 24 | 0 | 0 | 1 | 2 | 0 | 9 | 3 | 2 | 15 | D |
| 0.0% | 1.8% | 0.0% | 42.1% | 0.0% | 0.0% | 1.8% | 3.5% | 0.0% | 15.8% | % 5.3 | 3.5% | 26.3% | |
| 0 | 0 | 0 | 6 | 0 | 0 | 2 | 4 | 4 | 10 | 4 | 4 | 21 | E |
| 0.0% | 0.0% | 0.0% | 10.9% | 0.0% | 0.0% | 3.6% | 7.3% | 7.3% | 18.2% | % 7.3 | 7.3% | 38.2% | |

**خشتەی ژمارە(۱)کردەی ئاڕاستەکراوەکان بەپێی بابەت**

لەشیکاری پرۆتۆکۆڵەکان بەپێی خشتەی ژمارە(۱) وهێلکاری ژمارە(۳)گرنگیی گوتنی(داواکردن) بەراورد لەگەڵ گوتنەکانی ترزیاتر دەبینرێت، چونکە سنووری بەکارهێنانی لەگوتنەکانی تر فراوانترە و زۆرترین ڕێژەی تێدا هاتووە. بۆ کردەی(داواکردن) لەبابەتی(A) 24.1%، بۆ(B)49%، بۆ(C)55.2%، بۆ(D) 26.3%، بۆ بابەتی(E)

38.2% .بەکـــار هێنراوە.هەروەهـــا بۆکردەی(پرســـیار کـــردن)، لەبـــابەتی(A) 36.7%، بۆبـــابەتی(B) 18.4%، بۆبـــابەتی(C) 6.9%، بۆبـــابەتی(D) 42.1%، بـــۆ (E) 10.9% بەکـــار هێنـــراوە.، کەمتـــرین ڕێـــژەی بەکارهـــاتووش لە گوتنی(ناچـــارکردن وئامۆژگـــاریکردن ) 1%ی ڕێـژەکە پێکدەهێنن، هەروەهـا زۆرتـرین ڕێـژەی بەکارهـاتوو لەکـردەی (پێشـنیازکردن) لەبـابەتی(E) 18.2%، کەمتـرین ڕێـژەش لەبـابەتی (B) کە بـریتییە لە 4.1%. لەســەر ئەو بنەمـایە گریمـانەی ئەوە دەکرێـــت گرنگیـــی گـــوتنی(داواکردن وپرســـیارکردن ) لە دانیشـــتنەکانی پەرلەمانـــدا زیـــاتر دەربکەوێـــت بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تر، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە گفتوگۆکاندا پرۆژە یاسـاکان لەسـەر بنەمـای داواکـردن وپرسـیارکردنەوە کارەکـانی نـاو پەرلەمان بەڕێوەدەچێت.



## هێلكاری ژماره(٣) كردەی(داواكردن، پرسیار كردن پێشنیازكردن)بەپێی بابەت

**ئەنجام**

١- شیكاری پڕاگماتیكی كردەی قسەیی دەرفەتێكی باش دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی شیكاری گفتوگۆكانەوە لە ئەرک و پەیام و مەبەستی بابەتە گفتوگۆلێكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان بگەین و هێزی ڕاپەڕاندنی كردەكەش بەڕوونی لە نێو هەندێک بابەتدا زیاتر دەردەكەوێت، وەک لەبابەتی (كێشەی ژن وخێزان، كاروباری سیاسی)دا دەركەوتووە.

٢- بە پێی هێلكاری ژمارە(٢، ١)ساغ دەبێتەوە، كردەقسەییە ئاڕاستەكراوە بەكارهاتووەكانی ناو گفتوگۆكانی پەرلەمان زیاتر لەبابەتی (A)دادەردەكەوێت، كە بریتییە لە (٧٩)كردەی ئاڕاستەكراو بە ڕێژەی26.5%، كردەی داواكردنیش لەناو هەموو بابەتەكاندا بەڕێژەیەكی دیاریكراودا بوونی هەیە و لە بابەتی(C) دا بە ڕێژەی 55.2% بەكار هێنراون،

٣- قسەكەر ڕۆڵێكی سەرەكی لەئاڕاستەكردن وڕاپەڕاندنی كردەقسەییە ئاڕاستەكراوەكان دەبینێت، چونكە كردەكان لەژێر دەسەڵاتی قسەكەردایە.

٤- بە پێی هێلكاری ژمارە(٣) و نەخشەی ژمارە(١)ساغ دەبێتەوە، كە بۆ وەدەستێهنانی زانیارییەكان پەرلەمانتارەكان زیاتر پەنا بۆ كردەی

پرســـیارکردن دەبەن، بەتـــایبەتی لە بـــابەتی(D) 42.1% زۆرتـــرین ڕێژەی ئەو کردەیە بەکار هاتووە.

## پەراوێزەکان:

(١) بۆزانیـــاری زیـــاتربڕوانە: ١- ان ریبـــول، جـــاک موشـــلر (٢٠١٠)، القـــاموس الموسوعي للتداولية، دارسيناترا، تونس.

٢- بوقرة، نعمان (٢٠١٢)، لسانيات الخطاب، دار الكتب العلمية، بيروت،

٣- بســتاني، بشــرى (٢٠١٢) التداوليــة فــي البحــث اللغــوي و النقــدي، مؤسســة السياب للطباعة و النشر و التوزيع والترجمة، لندن.

٤-النجار، نادیةرمضـان (٢٠١٣) الاتجاه التداولي و الوظيفي في الدرس اللغوي، مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع، الاسكندرية.

(٢) جیـاوازی ئاڕاسـتەی هاوتـابوون لەنێـوان جیهـانی دەرەوە لەگەڵ وشـەکاندا، ئەم هاوتـابوونەش دەگەڕێتەوە بـۆ ڕێککەوتنـی واتـای وشـەکان لەگەڵ جیهـانی دەرەوە هەیانە، بەواتایەک ئاڕاستەی هاوتابوون لەنێوان وشەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە هەروەک لە کـردە هەواڵـدان و ڕاپۆرتییەکانـدا هـاتووە، بەڵام لە کـردەی بەڵێنـدان و داواکـردن و فەرماندانـدا ئاڕاسـتەکە لەنێـوان جیهـانی دەرەوە لەگەڵ وشــــەکاندایە، ئاڕاســــتەی هاوتــــابوونەکەش هەردەم ئەنجــــام و مەبەســــتی ڕاپەڕانـدنەکە دەردەخـات. بۆنمـوونە (پیاوێـک دەچێتە بـازار لیسـتێکی کەلـوپەلی لەلایەن ژنەکەیەوە بۆئامـــادەکراوە، لەنـــاو کەلوپەلەکانـــدا دەگەڕێـــت بەپێـــی ئەو لیسـتەی بـۆی نووسـراوە کەلـو پەلەکـان دەکڕێـت، هەر لەوکـاتەدا کەسـێکی تـر هەمان ئەوشتانە دەکڕێت، کەلیستەکەی پیاوەکە نووسراوە، کەواتە هەر یەکێکیان لیسـتێکی هاوتـای ئەوی تـری لەلایە، بەڵام ئەرکـی هەریەکێکیـان لەگەڵ ئەوی تـر جیـایە، چـونکە هـی یەکەمیـان مەبەسـتی ئەوکەلـوپەلانەی کڕیـویەتی (جیهـانی

دەرەوە) لەگەڵ وشـەکاندا هاوتـا بکـات واتە(World- to - Word )، کەچـی پیـــــاوی دووەم وشـــــەکەن لەگەڵ دونیـــــای دەرەو جیهـــــانی دەرەوە (کەلوپەلەکان)هاوتادەکـات.))واتە ( Word –to- World)ڕۆڵـی هەڵەکـردن لەهەردوو باردا زیاترنموونەکە ڕووندەکەنەوە، لەهی یەکەمدا هەڵەکان ناتوانرێت ڕاسـت بکـرێنەوە، چـونکە ئەگەر شـتێک لەجیـاتی شـتێکی تـر بکرێـت نـاتوانێ بیگۆڕیتەوە چونکە بەپێی لیستە نووسـراوەکە کـار دەکـات، بەڵام لەهـی دووەمـدا دەتوانرێت هەڵەکان چاک بکرێنەوە، ئەگەر درکی بەوەکرد تەنیا بیسـڕێتەوە یـان شـتێکی تـر لەشـوێنی ئەودابنێـت، بۆنمـوونە لەکـردەی بەڵـێن دان و داوکردنـدا هاوتابوون لەنێوان جیهانی دەرەوە و وشەکاندا هەیە.

إسماعيل، صلاح، (١٩٩٣) التحليل اللغوي عند مدرسة أكسفورد، دار التنوير للطباعة والنشر، ط١، بيروت، لبنان

(٣) بۆزانیـاری زیـاتربڕوانە: ١-حـاجی عبـدالرحمن حـاجی(٢٠١٧) شـێوازی داواکردن لەزمـانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی زمـانەوانیی کۆمەڵایەتییە، فـاکەڵتیی زانکۆی سۆران، نامەی ماستەر. لا (٢٦-٣٤).

٢- ئیبـراهیم، حەسـەن علـی (٢٠١٥) داواکـردن و ڕەتکـردنەوە لەزمـانی کوردیـدا بەپێـی تیـۆری کـردە قسـەییەکان، زانکـۆیی سـەلاحەددین- هەولێـر، نـامەی ماستەر.لا(٣٥-٤١).

(٤) پرۆتۆکۆڵی (داکۆکیکردن لە مـافی ئافرەتـان و ژنـانی تـایبەت بەدواداچـوونی کوشـتنی ژن وئافرەتـان) سـاڵی ٧/٤/، ٢٠٠٧، خ/دووەم، ، ژ(٣١)، بەرگـی چـل ویەک، چاپی یەکەم، لا :٧٩

(٥) پرۆتۆکـۆڵی (پـڕۆژە یاسـای بـودجەی سـاڵی٢٠١٠ی هەرێمـی کوردسـتان - عێراق) ساڵی٢٠١٠/١/٢، خ/سێیەم، ژ(١)، لا :٢٠

(٦) پرۆتۆكۆڵی (داكۆكیكردن له مافی ئافرەتان و ژنانی تایبەت بەدواداچوونی كوشتنی ژن وئافرەتان) ساڵی ٤/٧/، ٢٠٠٧، خ/دووەم، ژ(٣١)، بەرگی چل ویەک، چاپی یەكەم، لا :٣٣٠

(٧) پرۆتۆكۆڵی (پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن(تیرۆر) له هەرێمی كوردستانی عێراقدا) ساڵی ٢٠١٠/٦/١٥، خ/چوارەم، ژ(٨)، لا :١٨

(٨) پرۆتۆكۆڵی (سیستەمی نوێی خوێندن له هەرێمی كوردستان –عێراقدا) ساڵی ٢٠٠٧/٩/١٢، خ/دووەم، ، ژ(٣)، بەرگی چل وسێ، چاپی یەكەم، لا :١٠٧

(٩) پرۆتۆكۆڵی (پڕۆژە یاسای سندوقی هاوكاریكردنی نەخۆشییەكانی شێرپەنجەونەخۆشی قورس) ساڵی ٢٠١٢/٩/٢٦، خ/سێیەم، ژ(٨)، بەرگی هەشتا وسێ، چاپی یەكەم، لا :١٠٧

(١٠) پرۆتۆكۆڵی (پڕۆژەیاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان –عێراق ژمارە ١ی) ساڵی ٢٠٠٩/١/٢١ خ/ دووەم، ژ(٢)، بەرگی پەنجا وپێنج، چاپی یەكەم، لا :٤٥

(١١) پرۆتۆكۆڵی (داكۆكیكردن له مافی ئافرەتان و ژنانی تایبەت بەدواداچوونی كوشتنی ژن وئافرەتان) ساڵی ٤/٧/، ٢٠٠٧، خ/دووەم، ژ(٣١)، بەرگی چل ویەک، چاپی یەكەم، لا :١٣٤

(١٢) پرۆتۆكۆڵی(پڕۆژە یاسای سەرۆكی هەرێمی كوردستان –عێراق) ساڵی ٢٠٠٥/٦/٦، خ/دووەم، ، ژ(٢)، لا :٩٩

(١٣) پرۆتۆكۆڵی (سیستەمی نوێی خوێندن له هەرێمی كوردستان –عێراقدا) ساڵی ٢٠٠٧/٩/١٢، خ/دووەم، ژ(٣)، بەرگی چل وسێ، چاپی یەكەم، لا :٩٩

(١٤) پرۆتۆكۆڵی (هەڵوێستی پەرلەمان لەسەروەزعی هەرێمی كوردستان و ناوچەكە بەهۆی هەڕەشەكانی توركیا بۆسەر هەرێمی كوردستانی عێراق) ساڵی

٢٠٠٧/١٠/١٢٤، خ/سێیەم، ژ(١٦)، بەرگی چل وچوار، چاپی یەکەم، ساڵی٢٠٠٨، لا ٥٩:

(١٥) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: - بوقرة، نعمان، نحو نظرية لسانية عربية للأفعال الكلامية، مجلة اللغة والأدب، ملتقى علم النص، جامعة الجزائر، ع١٧ ٢٠٠٦، ص، ١٩٦-١٩٧

(١٦) پرۆتۆکۆڵی (پڕۆژە یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان -عێراق) ساڵی ٢٠٠٥/٦/٦، ، خ/دووەم، ژ(١)، لا ١٨

(١٧) پرۆتۆکۆڵی (پڕۆژە یاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان -عێراق) ساڵی ٢٠١١/٦/٢١ سێیەم، ژ(٢٨) چاپی یەکەم، لا ١٨٣

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

- مەحمـود، ئاڤێسـتا کەمـال(٢٠٠٩) پڕاگمـاتیکی ڕسـتەی پرسـیارو فەرمان لە کرمانجی خواروودا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- قـادر، ابـو بکـر عمـر (١٩٩٣) پرسـیار لە زمـانی کوردیـدا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆیی سەڵاحەددین- هەولێر، نامەی ماستەر.

-حـاجی، عبـدالرحمن حـاجی(٢٠١٧) شـێوازی داواکـردن لەزمـانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە، فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران، نامەی ماستەر.

- حەسـەن علـی ئیبـراهیم(٢٠١٥) داواکـردن و ڕەتکـردنەوە لەزمـانی کوردیـدا بەپێـی تیـۆری کـردە قسـەییەکان، زانکـۆیی سـەڵاحەددین- هەولێر، نامەی ماستەر.

- تۆفیـق، قـیس کاکـل (١٩٩٥)، جۆرەکـانی ڕسـتەو تیـۆری کردەقسـەییەکان، کـۆلێجی ئـاداب-زانکـۆی سـەڵاحەددین، نـامەی ماستەر.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

- بسـتاني، بشـرى (٢٠١٢) التداولیـة فـي البحـث اللغـوي و النقـدي، مؤسسة السیاب للطباعة و النشر و التوزیع والترجمة، لندن.

- ان ريبول، جاك موشلر(٢٠١٠)، القاموس الموسوعي للتداولية، دارسيناترا، تونس.

- وشن، دلال (٢٠١٧)تعديل القوة الانجازية ودوروها في تحديد قصدية المؤلف في الرواية على تخوم البرزخ للمحسن بن هنية- مقارية تداولية، مجلة المسار-اتحاد الكتاب التونسيين- تونس، ع١٠٦.

- إسماعيل، صلاح (١٩٩٣) التحليل اللغوي عند مدرسة أكسفورد، دار التنوير للطباعة والنشر، ط١، ، بيروت، لبنان.

- الشهري، عبدالهادي بنظافر (٢٠٠٤)، استراتجيات الخطاب:دراسة لغوية خطابية، ط١، بيروت.

- الآوسي، قيس اسماعيل (١٩٨٨)، اساليب الطلب عند النحويين و البلاغيين، المكتبة الوطنية، بغداد.

- العبد، محمد (٢٠١٠)، تعديل القوة الانجازية دراسة في التحليل التداولي للخطاب, عالم الكتب الحديث.

- نحلة، محمود احمد(٢٠٠٦) افاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، ط١، دار المعرفة الجامعية الاسكندرية، .

- النجار، نادية‌رمضان (٢٠١٣) الاتجاه التداولي و الوظيفي في الدرس اللغوي، مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع، الاسكندرية.

- بوقرة، نعمان (٢٠١٢)، لسانيات الخطاب، دار الكتب العلمية، بيروت.

– بـوقرة، نعمـان (٢٠٠٦)نحـو نظريـة لسـانية عربيـة للأفعـال الكلاميـة، مجلـة اللغـة والأدب، ع١٧وملتقـى علـم الـنص، جامعـة الجزائر.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

-Austin, John L.(1962), How to Do Things with Words, Clarendon, Oxford.

- eoffrey N, Leech, (1996) Principles of Pragmatics, Longman, London and New York

-Searle, John, (1990),What is a Speech act? In :pier Paolo Giglioli (ed.)Language and Social Context Books, London

-Sadiq Mahdi Kadhim, Ibtihal Jasim Abbas (2005), The Speech Act of Threatening in English and Arabic with Reference to the Glorious Qur'an University of Babylon\ College of Education for Human Sciences

- مجلة كلية التربية األساسية للعلوم التربوية واإلنسانية / جامعة بابل، حزيران/٢٠١٥م لعدد/٢

**ملخص**

إنَّ الفعل التوجيهي لا يؤدي وظيفة فعل لغوي فحسب، وإنما يؤدي وظيفة أخرى من وظائف اللغة التي تعني بالعلاقات بين المخاطبين والتي تشمل تلك الأفعال التي يحاول المتكلم من خلالها توجيه المتلقي الى فعل معين في المستقبل، و شرطها الإرادة والرغبة الصادقة، وهذه الأفعال التوجيهية تُعد كمحاولات لتحقيق تأثيرها عبر فعل المستمع وتتبين مقاصدها في ما يبتغي المتكلم انجازه.

وفي بحثنا الموسوم بـ (الأفعال التوجيهية في محادثات الپرلمان الكوردستاني)، حددنا له ايطار العمل ضمن البروتوكولات الرسمية البرلمانية، لأثنين دورة برلمانية من سنة(٢٠٠٥-٢٠٠٨)، (٢٠٠٩-٢٠١٢)، .

والمنهج المتبع في هذه الدراسة هو منهج تداولي بالتركيز على نظرية الأفعال الكلامية وتحليل الأفعال التوجيهية حسب المنهخ الوصفي- تحليلي.

واقتضت طبيعة البحث أن يأتلف من مقدمة ذكرنا فيها أهمية البحث وتناولنا في المطالب القوة الإنجازية للأفعال التوجيهية وأهمية هذه الأفعال للحوار البرلماني الكوردستاني و تحليل بعض هذه الأفعال ضمن البروتوكولات الرسمية البرلمانية.

وفي الختام عرضنا اهم الاستنتاجات مع تحديد قائمة المصادر وتقديم ملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية.

**Abstract**

Directive (Directive speech acts) are not only linguistic acts but they perform functions , explaining the relation between conversational partners .That is , language reflects the Speaker's behavior and affects the listeners via these directives.

This paper is entitled ' Directive Speech acts in the protocols in Kurdistan Parliament ' .It is an attempt in Illustrate the Directive Speech acts in Kurdistan Parliamentary talks .It is a pragmatic study and works within the framework of the Speech Acts theory .It employs a descriptive analytical approach to explain the protocols being discussed a bout in Kurdistan Parliament.

This paper sheds light on an introduction on directive speech acts ,Illocutionary acts ,the significance of directive speech acts along with the analysis of some of the directive acts in the Kurdistan parliament protocols Eventually ,a English and Arabic abstracts are given in end the of the paper